# ڕەخنەی کوردی یان چەواشەکردنی خوێنەر

محەمەد هەریری

رەخنەکەی کاك (کوردی) م خوێندەوە، کە لەسەر نوسینێکی من لە وەڵامی نوسینێکی مەهاباد قەرەداغی نوسیبووی، بە ناونیشانێکی پروپاگەندەیی وروژێنەر بە تایبەتی بۆ ئەوەی نوسینەکەی منی نەخوێندبێتەوە. ناونیشانی نوسینەکەی (دیسان ئافرەتی کورد بە چاوی نزم سەیر ئەکرێن)

بەڕاستی سەیرم بەو ناونیشانە وروژێنەر وبەدنیازە هات، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو زۆر دوو دڵ بووم لە وەڵامدانەوەی، سەرەڕای ئەوەی من حەز ناکەم وەڵامی کەسانێك بدەمەوە لە ژێر نازناو خۆیان حەشار داوە وەك کاك کوردی، چونکە زیاتر لە ٣٠ ملوێن مرۆڤی کوردی هەیە.

نازانم بۆ دەبێت وەڵام دانەوەیەکی هێمنانەی پڕ لە ریز بۆ مەهاباد خان، کە من دیسان ئەو پەڕی ریزم بۆی دوبارە دەکەمەوە، ببێتە سەیر کردنی ئافرەتی کورد بەچاوی نزم؟؟

من هەموو خوێنەرێکی بە ویژدان ودوور لە هەڵوێستی تایبەتی فیکری سەرپشك دەکەم، کە نوسینەکەی من بخوێننەوە، ئەگەر خوا نەخواستە یەك تۆسقاڵ سوکایەتی تێدا بوو، ئامادەم داوای لێبوردن لە هەموو ئافرەتێکی کورد بکەم، یەکەمیانیش مەهاباد خان.

لەوەش سەیرتر کاك کوردی سەرەتای نوسینەکەی بەو رستە درامییە دەست پێدەکات"لە رۆژی ٨ ی ئەم مانگەدا محەمەد هەریری لە وەڵام دانەوەی مەهاباد قەرەداغی سوکایەتیەکی بەسەرجەم ئافرەتی کورد کرد. " من پێویستم بە پاکانە کردن نییە بۆ هەڵوێستم لە دەرهەق ئافرەتی کورد، هەر هێندە دەڵێم لە چوارچێوەی قەناعاتی فیکری وبۆچوونم هەردەم هەوڵ وتەقەلا داوە بۆ پێشخستنی مەسەلەی ئافرەت ووەدەست هێنانی مافە شەرعیەکانی خۆی، دوور لە نامۆبوون وئیستیلاب وتیورە هاوەردوەکان، کە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ کەلتور وبەهاکانی کۆمەڵگای کوردی ناگونجێن. هەردەم لە دوو بەرەی هاوتەریب جەنگاوم، بەرەی ناوخۆی ئەو داب ونەریتە گەندەڵانەی کە لە پایەی ئافرەت کەدەکەنەوە، هەروەها بەرەی هاوەردوو، کە هەر تیورێکی گەندەڵ ولادەری دژ بە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەکەمان دەرچێت هەوڵ دەین لەسەر کچانی کورد پراکتیسەی بکەین.

من پێشبینم کرد لە نوسینەکەم (فێمینست وترسێکی بەجێ) کە پیاوی کورد هەرچەندە وانیشان بدات کە رۆشنبیر ومۆدرێنە بەڵام لە ناخیدا هەر بە چاوی زەعیفەی خۆماڵی دەڕوانێتە ئافرەت، من بەو نوسینەم بەلایەنی کەم ئەو تێڕوانینەم ڕەتکردۆتەوە، بەڵام کاك کوردی وەك ئەو پیاوانەی بازاڕ هەڵچوە، ئەگەر ببینن وا پیاوێك لە کێشە دایە لەگەڵ ئافرەتێ.

ئینجا سەرلەبەری نوسینەکەی یەك وشەی زیادی نەخستە سەر بابەتەکە، جگە لە پەلار وتوانج نەبێت. نەك هێندە لەگەڵ کۆڵەواریشی لە بابەتەکە منیش تاوانبار دەکات بەوەی کە لە فێمنیست وفێمینیزم نەگەیشتووم، دواییش وەکبلێی غەیب بخوێنێتەوە پێی وایە دواکەوتنی وەڵامەکەی من لەبەر بەدوا گەڕان وخوێندنەوەم بوە، هەرچەندە ئەو قسەیە بە تۆمەتی نازانم، ئەوە ئەگەر ڕاست بێت بەڵگەی وەڵامێکی بابەتیانەیە، بەڵام ئەگەر ئەو هەموو کاتەی پێ خەریك بام بێگومان وەڵامەکەم لەوەی بڵاوم کردەوە چاکتر دەبوو، ئینجا خۆم دەمێکە ئاشنام بەو لێکۆڵینەوە سوسیۆلۆژیانە، پیلانی تەواکردنی خوێندنی باڵاشم هەر لەسەر ئەو بابەتەیە ئەگەر تەمەن دەرفەت بدات.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کوردی پاکانە دەهێنێتەوە بۆ لێزبیانیزم بە بیانووی هەبوونی (گەی) . جارێ من کە باسی لێزبیانیزمم کرد، هیچی قسەی خۆم نەبوون بوڵکو قسەی ڕابەرە فێمینیستەکان بوو، نازانم ئەو برایە بۆ هێندە پێی

قەڵس بوە بڵێی ئاواتی کۆمەڵگایەکی پڕ لە گەیی ولێزبیان بۆ کورد بخوازێ؟ ئینجا کەباسی پەیوەندی توندوتۆڵی فێمینیزم ولێزبیانیزمیشم کرد، بۆ سەلماندنی ڕەوایەتی ترسی ئەو کەسانە بوون کە مەهاباد خان لە نوسینەکەی خۆی (فێمینیست پیاو خۆر نییە) ئاماژەیان پێدەکات، نەك خوانەخواستە بۆ تانەلێدان بێت لە ئافرەتی کورد. کۆمەڵگای ساغ وسەلیم هەردوو دیاردەکە ڕەت دەکاتەوە : گەیی ولێزبیان. ئەوەشی پشتگیری دەکات با یەکەم جار لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

ئەوە من نیم سوکایەتی بە ئافرەتی کورد دەکەم کاکە کوردی، بەڵکو - لە نوسینێکی ترتدا - جەنابتە سوکایەتی بەو هەموو کوردەی ئەوروپا دەکەیت کە گوایە لەشیان فرۆشتوە لە یۆنان وئیتالیا، وفرن وفرنچی دەکەیتە زاراوەیەکی نوێ، لە کاتێکدا ئەوانەی ئەو کارانەیان دەکرد ڕێژەیەکی هێندە کەم بوون کەشایەنی باسکردن نییە بەو شێوەیە بازاڕییە.

ئینجا کەی ئەوەی نوسین بە کوردی بنوسێت وناویشی کوردی بێت لەکۆتایی نوسینەکەی دەقێکی ئینگلیزی دەنوسێتەوە ووەرگێران وتێگەیشتنەکەی بەمن دەسپێرێت، با من تێی بگەم، ئەی ئەو هەموو کەسەی کە ئینگلیزی نازانن چیبکەن؟ من دڵنیام خۆشت تێی نەگەیشتووی زۆر سەقەتانەش نەقلت کردوە، کە بەتەواوی لە سیاقدا داپچڕاوە.

خۆزگە نوسینەکەت کە بەو ناونیشانە پروپاگەندەییە دەست پێکرد، بەو دروشم لێدانەشت کۆتایی پێ نەهێنابا کە فرِی بەسەر نوسینی بابەتییەوە نییە. مەگەر وروژاندنی هەستی ئافرەتانێك نەبێت.

خۆزگە زانستیانە مامەڵەت لەتەك نوسینەکەی من دەکرد، تا منیش هەڵەو کەموکورتیەکانیم بزانیبایە، نەك بەکارهێنانی شێوازی ناوزڕاندن، قسە خستنە زارم کەمن هەرگیز نەمکردوە. ئیتر ڕێزم بۆ مەهاباد خان ئەگەر کۆکیش نەبم لەگەڵ بیروڕاکانی، هیچ لەو ڕاستتیە کەم ناکاتەوە کە نوسەرێکی بە توانایە، هیوادارم کورد سەدەها نمونەی وەك ئەوی هەبێت.

١٥-١ - ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣